گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 7, No. 3, pp. 295–308, Sept.-2019*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# هۆكارە ناوخۆییەكانی لەناوچوونی میرنشینەكانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەدەكانی سێیەم و چوارەمی كۆچی/ نۆیەم و دەیەمی زایینی

((ئەم ڤەكۆلینە بەشێكە لە نامەی ماستەر))

شمال حميد محمد* و زرار صديق توفيق
بەشی مێژوو، فاكولتی زانستی مرۆڤایەتی، زانكۆی دهۆك، هەرێمی كوردستان – عێراق.

وەرگرتن: 2019/07 پەسەندكرن: 2019/09 بەلاڤكرن: 2019/09 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2019.7.3.517

**پۆختە:**

ئامانجی ئەم ڤەكۆلینە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هۆكارە ناوخۆییەكانی لەناوچوونی میرنشین و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەدەكانی سێیەم و چوارەمی كۆچی/ نۆیەم و دەیەمی زایینی دەخاتە ڕوو, زۆر ئەگەر هەبوون كە كاریگەریان لەسەر لاواز بوون و هەرەسهێنانی ئەو قەوارە سیاسیانە هەبوو, لەوانە سیستەمی پشتاوپشتی, هاتنی میری لاواز و بێدەسەڵات بۆسەر كورسی فەرمانڕەوایی, لاوازی كارگێری میرنشین و هۆكاری ئابووری و شەر و هەڤركی ناوخۆیی, سەرباری ئەوەش بیردۆزی (ئیبن خەلدون) لەسەر تەمەنی دەوڵەت و جێبەجێ كردن لە سەریان. ئەم توێژینەوەیە لە كورتیەك و دەروازە و شەش تەوەر پێكهاتووە, تەوەری یەكەم تایبەتە بە سیستەمی پشتاوپشتی, تەوەری دووەم باس لە هاتنی میری لاواز بۆ سەر حوكم دەكات, تەوەری سێیەم تەخانكراوە بۆ لاوازی كارگێری و دەستێوەردانی ئافرەت لە كاروباری میرنشین, لە تەوەری چوارەمدا هۆكاری ئابووری باس كراوە, تەوەری پێنجەم باسی دوبەرەكێی ناوخۆیی دەكات, تەوەری شەشەم باس لە بیردۆزی (ئیبن خەلدون) (م:808ك/1405ز) لە بارەی تەمەنی دەوڵەت و جێبەجێكردنی لەسەر میرنشین و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات دەكات.

**پەیڤێن سەرەكی**: ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، میری لاواز، ململانێی ناوخۆیی، هۆكاری ئابووری.

## 1. دەروازە

لەسەردەمی عەباسی دا دیاردەیەكی نوێ لە جیهانی ئیسلامی سەریهەڵدا, ئەویش دەركەوتنی میرنشین و دەوڵەتی جیاواز بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە سەدەكانی سێیەم و چوارەمی كۆچی/ نۆیەم و دەیەمی زایینی, گرنگترین میرنشین و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەو ماوەیەدا بریتین لە: میرنشینی تاهیری (205–259ك/ 820–872ز) كە لە هەرێمی خوراسان لە لایەن تاهیری كوڕی حوسێن دامەزرا[1], هەروەها میرنشینی زەیدی عەلەوی (250–316ك/ 864–928ز) لە لایەن حەسەنی كوڕی زەیدی زەیدی لە هەرێمی تەبەرستان هاتەدامەزراندن[2], بە هەمان شێوە یەعقوبی كوڕی (الليپ)ی صەففار توانی میرنشینی صەففاری (254–298ك/ 868–910ز) لە هەرێمی سەجستان دامەزرێنێت[3], یەكێكی دی لە میرنشینەكانی ڕۆژهەڵات, میرنشینی سامانی (261–389ك/874–998ز) بوو كە لە وڵاتی ئەوبەری ڕوبار دامەزرا[4], هەروەها میرنشینی زەیاری (316–433ك/928–1041ز) لە لایەن مەرداویچی كوڕی زەیار هاتە دامەزراندن[5]. قەوارەیەكی تری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەوڵەتی بوەیهی (320–447ك/932–1055ز) بووە كە لە لایەن كوڕانی بوەیەی كوڕی فەناخەسرەو هاتە كایەوە[6] بە هەمان شێوە دەوڵەتی غەزنەوی (351–582ك/962–1186ز) یەكێكی دی بوو لەو قەوارە رامیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتدا سەریهەڵدا[7].

ئەم میرنشینانە هاوشێوەی سەرجەم میرنشین و دەوڵەتان لە ئەنجامی كۆمەڵێك ئەگەر و هۆكار لاواز بوونە و هێدی هێدی لە ناوچوونە, لەم ڤەكۆلینەدا بە پێی شیان و لێكدانەوەی لێكۆلەر و بە پشتبەستن بە دەقەكان چەندان هۆكاری ناوخۆیی كە كاریگەری و باندۆریان لەسەر لاواز بوون و لەناوچوونی ئەم میرنشیانە هەبووە باس دەكرێن.

* ڤەكولەرێ بەرپرس.

## 2. سیستەمی پشتاوپشتی

هەندێ ڤەکۆڵەر ئاماژە بە کاریگەریی ئەم سیستەمە لە رووخان و هەرەسهێنانی میرنشینانەکان دەکەن, لە وەرگرتنی دەسەلاّت لەو میرنشیانە هەرگیز رەچاوی لێوەشاوەیی و کارامەیی نەدەکرا لە نێوان کوڕەکان دا, بەڵکو تەنها بەرێگای پشتاوپشتی بوو, پەیڕەوکردنی ئەم رژێمە دەبووە هۆی ئەوەی کەسانی بێ ئەزموون و نا شایستە بێنەسەر دەسەلاّت کە بووە هۆی لاوازبوون و رووخانی میرنشین و دەوڵەتانی رۆژهەلاّتی ئیسلامی.

وەك ئاشکرایە سیستەمی حوکمڕانی لەنێو میرنشینەکانی رۆژهەلاّتی ئیسلامی هاوشێوەی سەرجەم دەوڵەتانی سەردەمی ئیسلامی پشتاوپشتی بوو[8], لە وانەش لە میرنشینی تاهیریدا [9], بەلاّم لێرەدا نەبووە کێشەیەکی بەرچاو و کاریگەر, سەرباری ئەوەش پەیڕەوکردنی ئەم رژێمە لە لایەن فەرمانڕەوایانی ئەم میرنشینە یەکێك بووە لە هۆکارەکانی لەناوچوونی میرنشینەکە, پاش مردنی تاهیری کوڕی عەبدولاّ (230–248ك/ 844–862ز) محەمەدی کوڕی (248–259ك/ 862–872ز)[10] شوێنی گرتەوە, ئاشکرایە ئەم میرە لە ئاستی باوکی نەبوو لە رووی کارامەیی و کارگێریەوە و کەسایەتیەکی بێ ئەزموون بووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشین, هەر بۆیە لەسەردەمی ئەمدا میرنشین چووە قۆناغی لاوازی و لەناوچوونەوە[11].

کارتێکردنی ئەم سیستەمە لە رووخانی میرنشینی زەیدی عەلەوی پتر روون و ئاشکرایە, بە تایبەتی پاش مردنی میر حەسەن (الاگروش) (301–304ك/ 913–916ز), پێش مردنی میری ناوبراو حەسەنی کوڕی قاسم (304–316ك/916–928ز) زاواکەی کردە جێنشین, و دەسەلاّتی وەرگرت[12], ئەمەش بووە هۆی مایەی نەرازیبوونی کوڕانی میری پێشوو کە خۆیان بە میراتگری شەرعی دەزانی, چونکە باوکیان یەکێك لەوانی نەکردۆتە جێگرەوەی خۆی, بۆیە بەردەوام بوون لە دژایەتی کردنی میری نوێ, کە بووە هۆی لاوازی و لەناوچوونی ئەو میرنشینە[13].

دەکرێت بڵێین پەیڕەوکردنی سیستەمی پشتاوپشتی کاریگەری راستەوخۆی لە رووخانی میرنشینی صەففاری هەبوو, بە شێوەیەك پاش دەستگیرکردن و لەناوچوونی میر عەمری صەففار (265–287ك/ 878–900ز) لەسەر دەستی سامانیەکان[14], چەندین میری لاواز بە هۆی ئەم سیستەمەوە حوکمیان گرتەدەست تا هەرەسهێنانی ئەم میرنشینە[15].

پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە جیاواز بوو لە میرنشینی سامانیدا, هەرچەند زۆربەی جاران بە شێوەی پشتاوپشتی بووە لە باوکەوە بۆ کوڕ[16], بەلاّم هەندێ جار میری سامانی لە بری کوڕێکی, برایەکی دەکردە شوێنگرەوەی خۆی بۆ نموونە: میر نەصری کوڕی ئەحمەد (261–279ك/874–892ز) بڕیاری دا پاش خۆی ئیسماعیلی برای (279–295ك/892–907ز) جێگەی بگرێتەوە[17], بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە لە لایەن زۆربەی میرانی ئەم میرنشینە کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازبوون و رووخانی میرنشینەکە[18].

روون و ئاشکرایە پیادەکردنی ئەم سیستەمە دەرەنجامی نەرێنی لەسەر چارەنووسی میرنشینی زەیاری بەجێهێشتووە, پاش مردنی میر وشمکیری زەیاری (323–357ك/934–967ز), هەڤرکی و ململانێ لە نێوان کوڕەکانی لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی دروست بوو, هەریەکەیان خۆیان بە موستەحەقتر دەزانی بۆ شوێنگرتنەوەی باوکیان و چەندین کێشە و ئاژاوەی لێکەوتەوە, کە بوونە ئەگەر و هۆکاری ئەوەی ئەم بنەماڵەیە لاواز بن و نەشیان پێش بە سوپای سەلجوقی بگرن, ئەوەبوو لە ساڵی (433ك/1041ز) سەروەری خۆیان لەدەست دا و بوونە تابعی دەوڵەتی سەلجوقی[19].

گرتنەدەستی فەمانڕەوایی لە لایەن میرانی دەوڵەتی بوەیهی لەسەر بنەمای سیستەمی پشتاوپشتی کاریگەری و باندۆری نەرێنی کردە سەر داهاتوی ئەم قەوارە رامیاریە, چونکە پەیڕەوکردنی ئەم رژێمە بووە هۆی ئەوەی چەندین میری لاواز دەسەلاّت بگرنە دەست, کە کاریگەری کردە سەر لاوازبوون و رووخانی دەوڵەتی بوەیهی[20].

دەکرێ بڵێین سیستەمی پشتاوپشتی لە دەوڵەتی غەزنەویدا بە شێوەیەك لە شێوەکان بووەتە فاکتەرێکی نەرێنی لەسەر پاشەرۆژی ئەم دەوڵەتە, ئەم رژێمە هۆکار بوو لە کوژرانی سوڵتان مەسعودی کوڕی مەحمود (421–432ك/1030–1040ز) لە لایەن محەمەدی برایەوە لە ساڵی (432ك/1040ز), پاش ئەوە چەندین شەڕ و کوشتنی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی لێکەوتەوە, ئەمەش بووە ئەگەرێك لە لە ئەگەرەکان بۆ بێهێزبوون و هەرەسهێنانی ئەم دەوڵەتە[21].

## 3. هاتنەسەرکاری میری لاواز و بێدەسەلاّت

دیاردەی هاتنەسەر حوکمی میری لاواز و بێ کەسایەتی و بێ ئەزموون بە رووونی لە نێو میرنشینەکانی رۆژهەلاّتدا بەرچاو دەکرێت, هەر لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیستەمی پشتاوپشتی چەندین کەسی بێدەسەلاّت و ناهەژی لە ئەندامانی ماڵباتی دەسەلاّتدار دەبوونە میر و فەرمانڕەوا, دیاریشە لێنەهاتوویی و بێدەسەلاّتی میرەکان هۆیەکی بنەڕەتی بوو بۆ بەرپابوونی شەری ناوخۆیی و لەناوچوونی میرنشین و دەوڵەتانی رۆژهەلاّت [22].

هاتنەسەر حوکمی میری لاواز کارتێکردنی هەبووە لە رووخانی میرنشینی تاهیری, بە شێوەیەك پشتی مردنی میر عەبدولاّی کوڕی تاهیر(213–230ك/828–844ز) هەندێ فەرمانڕەوای بێدەسەلاّت حوکمیان کرد, بە تایبەتی میر محەمەدی کوڕی تاهیر(248–259ك/ 862–872ز), مێژوونوسان لەبارەی

هەڵسوكەوتی دەدوێن و ئاماژە بەوە دەكەن ئەو میرە كەسایەتیەكی بێئاگا بووە لە كاروباری میرنشین, تەنیا خەریكی بەزم ورەزمی دونیاوە بووە, هەر بۆیە ناوچەكانی ژێردەستی بوونە جێگای بایەخپێدانی هێزەكانی دەوروبەر[23].

بە هۆی خامۆشی میر محەمەدی كوڕی تاهیر بزووتنەوەی خەوارج لە خوراسان گەشەی كرد و میری ناوبراو نەیتوانی لەناویان ببات, لە لایەكی دیەوە هەرێمەكانی تری میرنشینی پشتگوێخستبوو, وەك ڕوونە بە هۆی زۆرداری نوێنەرانی تاهیری لە تەبەرستان, دانیشتوانی هەرێمەكە پشتیوانی حەسەنی كوڕی زەیدی یان كرد لە دژایەتیكردنی نوێنەرانی تاهیری و میری زەیدی لە ساڵی (250ك/864ز) هەرێمەكەی لەدەست تاهیری دەرهێنا[24], دەركەوتنی یەعقوبی صەففار لە سەجستان و داگیركردنی هەرێمەكە بە هۆی ئەم میرە لاوازەی تاهیری بوو[25].

ڕوون و ئاشكرایە حوكمڕانی میری لاواز ئەگەرێكی دیار بووە لە هەرەسهێنانی میرنشینی زەیدی, ئەوەبوو پاش مردنی میر حەسەنی كوڕی زەید (250–270ك/ 864–883ز) محەمەدی برای (270–287ك/ 883–900ز) شوێنی گرتەوە, بەڵام هاوشێوەی میری پێشو نەبووە و میرێكی لاواز بووە, لە سەردەمی ئەمدا میرنشینی زەیدی بووە جێگای چاوتێڕوانینی هێزە هاوسنورەكان, پاش كۆچی دوایی میر حەسەن كوڕی عەلی (الاگروش) چەند میری تری لاواز دەسەڵاتیان گرتەدەست تا لەناوچوونی میرنشینی زەیدی[26].

سەبارەت بە میرنشینی صەففاری پاش دەستبەسەركردنی میر عەمری صەففار و لەناوچوونی , هەندێ میرێكی تری لاواز هاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایی, وەك میر تاهیری كوڕی محەمەدی كوڕی عەمر (289–296ك/ 891–908ز), ئەم میرە بە بە كەسایەتیكی سست و بێدەسەڵات لە قەڵەم دەدرێت, بە شێوەیەك زۆربەی كاتی حوكمڕانیەكەی بە خواردنەوە و بەزم و ڕەزمی دونیا خەریك بوو, و كاروباری میرنشینی تەواو پشتگوێ خستبوو و دەرفەتی ئەوەی نەبوو لەگەڵ كارگوزەرانی میرنشین كۆببێتەوە, سەروەت و سامانی میرنشینی لە دەستی خۆیدا قۆرغ كردبوو, ئەمەش بووە هۆی ناجێگیری هەلومەرجی میرنشین و شەڕی ناوخۆیی لێكەوتەوە و (اللیپ)ی كوڕی عەلی (296–298ك/ 908–910ز) هێرشی بردە سەر و لە سجستان دەریخست و خۆی بووە میری صەففاری, لە سەردەمی ئەمدا ئەم میرنشینە میرنشین بەرەو لاوازی و نەمان چوو[27].

بە هەمان شێوە هاتنە سەر حوكمی كەسانی نا شایستە و بێ ئەزموون و بوونیان بە میر دیاردەیەكی زەق بووە لە میرنشینی سامانی, لە دوای كوژرانی میر ئەحمەدی كوڕی ئیسماعیل (295–301ك/907–913ز), نەصر (301–331ك/913–942ز)ی كوڕی بووە شوێنگرەوەی كە تەمەنی تەنیا هەشت ساڵ بوو, ئەم میرزادەیە هیچ ئەزموون و شارەزاییەكی لە مەڕ سیاسەت و راییكردنی دەسەڵات نەبوو, بۆیە كێشە و یاخیبوون لە هەموو وڵات سەریهەڵدا, وەزیرەكەی (أبو عبدالله)ی جیهانی[28] كارگوزاری میرنشینی دەكرد[29], نوح كوڕی مەنصور (366–387ك/ 976–997ز) یەكێكی دی بووە لە میرە لاوازەكان, كە لەو دەمەی هاتە سەر حوكم هەرزەكارێكی تەمەن سێزدە ساڵی بوو, ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كاروباری میرنشین لە لایەن دەست و پێوەندیەوە بەڕێوەببرێت[30], مێژوونوس (العتبی) (م:427ك/1035ز) باسی لاوازی ئەم میرە دەكات و دەڵێت كاتێ بووە میر هەرزەكار بووە و بێئاگا بووە لە كاروباری میرنشین, و سەركردەكانی لەشكر ڕۆڵیان لە راپەراندنی كاروبارەكانی میرنشین هەبووە [31].

لە ماوەی حوكمڕانی میرنشینی زەیاری چەند میرێكی بێدەسەڵات فەرمانڕەواییان كرد, بە هۆی لاوازی و بێدەسەڵاتی میر قابوسی كوڕی وشمكیر (366–403ك/976–1012ز) لە لایەن ژمارەیەك لە چەكدارانی خۆی كوژرا, بەهەمان شێوە مەنوجەهری كوڕی قابوس (403–420ك/1012–1029ز) یەكێكی تربوو لە میرە لاوازەكان و بووە یەكێك لە والیەكانی دەوڵەتی غەزنەوی[32], پاش كوژرانی ئەم میرە, نەوشێروانی كوڕی(420–435ك/1029–1043ز) شوێنی گرتەوە كە هێشتا لە تەمەنی منداڵی بوو, بۆیە راپەراندنی كاروباری میرنشین كەوتە دەستی كەسانی چواردەوری[33].

یەكێك لە ئەگەرەكانی لەناوچوونی دەوڵەتی بوەیهی گەیشتنی میری لاواز بووە بە كورسی فەرمانڕەوایی, لە ڕۆژگاری كۆتایی ئەم دەوڵەتە چەند میرێكی خامۆش و بێ ئەزموون فەرمانڕەواییان كرد, بۆ نموونە (جلال الدوله كوڕی بهاو الدوله) (416–435ك/ 1025–1043ز) بە یەكێك لە میرە لاوازەكان دادەنرێت, بە هۆی لاوازی ئەم میرە هەلومەرجی ناوخۆیی ناجێگیر بوو لە هەموو لایەكی وڵات بە گشتی و بەغدای پایتەختی خیلافە بە تایبەتی, لە سەردەمی ئەمدا عەیاریەكان[34], بەهێز بوون و بە شێوەیەكی ئاشكرا هێرشیان دەكردە سەر دام و دەزگای میریی و تاڵانیان دەكرد و میری ناوبراو یان خەلیفە دەسەڵاتی ئەوەیان نەبوو بەرگری بكەن[35], مێژوونوسێك باس لە سستی و لاوازی ئەم میرە دەكات و دەڵێت كاتێ مرد هەموو كەس دەیزانی چەند لاواز و ناشارەزا بووە, لەسەردەمی ئەمدا كاروباری دەوڵەت لە لایەن سەركردەكانی لەشكر بەڕێوەدەبران[36], پاش مردنی (أبی كالیجاری كوڕی سلگان الدوله) (436–440ك/1044–1048ز) كوڕی (الملك الرحیم)خەسرەوفەیروز(440–447ك/1048–1055ز) هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی, مێژوونوسان بە میرێكی لاواز و بێدەسەڵاتیان لە قەڵەم داوە, سەرباری پەرەسەندنی ناجێگیری ڕەوشی ناوخۆیی, هەرەشەی دەرەكی بووە هۆی لەناوچوونی دەوڵەتی بوەیهی[37].

چەندین میری خامۆش و بێ ئەزموون هاتنەسەر كورسی دەسەلات لە دەوڵەتی غەزنەوی كە كاریگەری هەبووە لە رووخانی ئەو دەوڵەتە, لەو دەمەی میر مەودودی كوڕی مەسعود (432–441ك/ 1040–1049) كۆچی دوایی كرد, چەندین میری لاواز حوكمیان كرد, وەك (عبد الرشید)ی كوڕی سولتان مەحمود (441–444ك/ 1049–1052ز) كە بە میرێكی بێدەسەلات لە قەڵەم دەدرێت, لە سەردەمی ئەمدا سەركردەی لەشكری ڕۆڵیان گێرا لە كارگێری دەوڵەتی غەزنەوی[38], بە هەمان شێوە پاش مردنی میر (علاو الدین) مەسعودی كوڕی ئیبراهیم (481–508/ 1088–1107ز), ئەرسەلانشای كوڕی (509–512ك/ 1115–1118ز) حوكمی كرد كە یەكێك بووە لە میرە لاوازەكانی غەزنەوی[39], لە دوای مردنی میر بەهرامشای كوڕی ئیبراهیم (512–548ك/ 1118–1153ز) خەسرەوشای كوڕی شوێنی گرتەوە كە ناوبراو هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی كرد, ناوبراو میرێكی لاواز بووە و هەر لە سەردەمی ئەمدا دەسەلاتی ئەم دەوڵەتە لە باژێری غەزنە نەما و گوێزرایەوە بۆ ولاتی هیند[40].

## 4. لاوازی كارگێری و دەستێوەردانی ئافرەت لە كاروباری میرنشین

روون و ئاشكرایە لاوازی كارگێری یەكێك بووە لە ئەگەرەكانی پووكانەوە و رووخانی هەندێ لە میرنشینەكانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی, ئەو هۆكارە لە میرنشینی تاهیری بە ئاشكرا دەردەكەوێت, كاتێ سلێمان كوڕی تاهیری كوڕی (عبدالله)ی تاهیری والی بنەماڵەكەی بوو لە تەبەرستان, ناوبراو محەمەدی كوڕی ئەوسی بەلەخی كردە جێگری خۆی لەو هەرێمەدا, ئەوەی دوایی تەبەرستانی لە نێوان كورەكانی خۆی دابەشكرد و هەر كوڕێكی دانایە سەر شارێكی هەرێمەكە, خەلكی تەبەرستان تووشی ستەم و زۆرداری هاتن لە لایەن والی و جێگرانی میرنشینی تاهیریەوە, بەشێوەیەك لە ساڵێكدا سێ جار خەراجیان لە خەلك وەردەگرت, ئەمەش بووە هۆی نەرازیبوونی خەلكی تەبەرستان, بۆیە پشتگیری زەیدیان كرد و توانین هەرێمی تەبەرستان لە ژێر دەستی تاهیری دەربێنن[41].

لاوازی كارگێری سامانی یەكێكی دی بووە لە ئەگەرەكانی پووكانەوە و لەناوچوونی ئەو میرنشینە, بە شێوەیەك والیەكان دژایەتی میرانی سامانیان دەكرد, لە لایەكی ترەوە سەركردەی لەشكری دەستیانگرت بەسەر كاروباری میرنشین و میرانی سامانی بێ دەسەلات مانەوە, بەم شێوەیە كارگێری میرنشین پەكی كەوت و بووە هۆی بەتاڵبوونی گەنجینەی میرنشین و بەرەو لاوازبوون و رووخانی برد[42], بۆ نموونە, لە سەردەمی میر نوح كوڕی مەنصور دووبەرەكێ لە نێوان سەركردەكانی لەشكر دروست بوو لەسەر كارگێریكردنی خوراسان, تەنانەت زۆربەی جاران پێگیریان بە بڕیاری میری سامانی نەدەكرد[43].

دەوڵەتی بوەیهی كارگێریەكی یەكگرتووی نەبوو, بە تایبەت لە دوای مردنی (عچد الدوله) فەناخەسرەو (367–372ك/977–982ز)كە ناوبراو بەغدای كردبووە مەركەزی دەسەلاتداری و بڕیاری دەوڵەت, بەلام پاش مردنی ناوبراو ناوەندی بڕیار لە یەك مەركەز نەمایەوە و بووە هۆی لاوازبوونی كارگێری بوەیهیەكان, كە بووە هۆكارێك بۆ لەناوچوونی دەوڵەتی بوەیهی[44].

هەندێ لە ئافرەتانی بنەماڵەی دەسەلاتدار لە میرنشنەكانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی دەستیانوەردایە كاروباری میرنشین, دەستێوەردانی ئافرەت بە ئاشكرا لە میرنشینی سامانی دەردەكەوێت[45], بۆ نموونە, دایكی نوح كوڕی مەنصور كەسی خاوەن بڕیار بوو لە میرنشینی سامانیدا, تەنانەت دوورخستنەوەی (حسام الدوله أبو العباس تاش)ی سەركردەی لەشكری سامانی لە خوراسان بە پێی فەرمانی دایكی بوو[46].

## 5. هۆكاری ئابووری

یەكێكی تر لە هۆكارەكانی هەرەسهێنانی میرنشینەكانی ڕۆژهەلات لاوازی بارودۆخی ئابووری بووە, لە كۆتا ساڵانی تەمەنی میرنشینی تاهیری رەوشی ئابووری ناسەقامگیر بوو, ئەویش بە هۆی لاوازی میر و لاوازی كارگێری بووە, بە هۆی ستەمی دارایی لە لایەن والیەكانی تاهیری بەروبومی كشتوكاڵ راوەستا, بە هەمان شێوە كاریگەریەكەی لەسەر پیشەسازی كەمتر نەبوو, پیشەسازی لە هەموو ولات پشتگوێ خرا و پەكی كەوت, ئەوەش بە شێوەیەكی راستەوخۆ كاریگەری كردە سەر لایەنی بازرگانی, كە كرین و فرۆشتن لە بازار لاواز بوو و نەبوونی رێگای سەلامەت بوونە هۆی پاشەكشێی بازرگانی, لەوەدا روون دەبێتەوە ناسەقامگیری بارودۆخی ئابووری كاریگەری هەبووە لەسەر لەناوچوونی میرنشینی تاهیری[47].

بە هۆی خامۆشی و بێدەسەلاتی هەندێ لە میرانی سامانی و نانەوەی ئاژاوە لە ولات, بزاڤی بەرهەمداری لە هەموو بوارەكانی كشتوكاڵ, پیشەسازی و بازرگانی لەكار كەوت, چونكە هیچ یەكێك لەم بوارانە بە پێی پێویست كاری خۆیان نەدەكرد, ئەویش بە هۆی ناسەقامگیری و نائارامی لە سەتاسەری ولاتی سامانی, كە بووە هۆكاری كەمی بەرهەم و بەروبوومی كشتوكاڵ و پیشەسازی و خاڵیبوونی خەزێنەی میرنشین[48].

وەك ڕوونە بە هۆی ناڵەباری بارودۆخی سیاسی و كارگێری لە دەوڵەتی بوەیهی ناسەقامگیری ئابووری لێكەوتەوە, ئەوەبوو كاتێ وەزیر دووردەخرایەوە ئەوا دەست بەسەر سەروەت و سامانی دەگیرا, بۆیە وەزیرەكان سەروەتێكی زۆریان دەشاردەوە تاكو پاش دوورخسنەوەیان بۆیان بمێنێتەوە, لە لایەكی ترەوە ئەوانەی وەك

والی یان سەرکردەی لەشکر لەسەر هەرێمێك یان شارێك دادەمەزران خەراجی ئەو هەرێمە یان شارەیان دەخرایە ژێر دەست, ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەرکردەی لەشکر یان والی گرنگیان بە زەوی کشتوکاڵی نەدەدا و تەنیا ویستیان کۆکردنەوەی خەراج بوو, ئەوەش بووە هۆی لاوازبوونی کەرتی کشتوکاڵ و لاوازبوونی بەرهەمی ئەو کەرتە لە دەوڵەتی بوەیهی[49].

## 6. دووبەرەکێی ناوخۆیی

هەڤرکی و ململانێی ناوخۆیی لەسەر پلە و پۆست یەکێکە لە هۆکارەکانی بنەڕەتی بۆ لەناوچوونی زۆربەی میرنشینەکانی جیهانی ئیسلامی لەوانەش ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات بوون, خواستی دەسەڵات لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار و بەربەرەکانێکردنیان لەسەر پۆست بوەتە ئاکامی لاوازی و هەڵوەشاندنەوەی یەکریزی و تەبایی لە خوودی هەر میرنشینێك.

مەسەلەی شەڕکردن و پاوانیکردنی دەسەڵات لە نێوخۆیی میرنشینی تاهیری زۆر بە کەمی ئاماژەی پێکراوە, وا دیارە هاتنەسەر دەسەڵاتی هەر میرێکی ئەو خێزانە نەبوەتە هۆی نەرازیبوونی ئەندامانی تری ئەو خانەوادەیە, سەرباری ئەوە نێوانی بنەماڵەی تاهیری بێگەرد نەبووە لە ناکۆکی, بە تایبەتی لە ساڵانی کۆتایی سەردەمی میرنشینەکە, مێژوونوسێك ئاماژە بەو ململانێیە دەکات کە لە سەردەمی دوایین میر محەمەدی کوڕی تاهیر, کورە مامەکانی حەسوودیان پێبرد و ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەعقوبی صەففار کرد بۆ ئەوەی خوراسان بخاتە ژێر رکێفی خۆی, بەم شێوەیە میرنشینی تاهیری لەناوچوو[50].

دیاردەی هەڤرکی و ململانێی ناوخۆیی و کارتێکردنی لە رووخانی میرنشینی زەیدی عەلەوی لە چەندین حاڵەتدا بەدیدەکرێت, پاش مردنی میر حەسەن کوڕی عەلی (الاگروش – الناصر الکبیر) لە ساڵی (304ك/916ز) حەسەن کوڕی قاسم (الداعی الصغیر)ی زاوای شوێنی گرتەوە, لە سەردەمی ئەم میرە هەڤرکی نێوخۆیی لە ئاستێکی مەترسیدار بوو, کاتێ (أبی القاسم) جەعفەری کوڕی حەسەن, ئەحمەدی برای ئاگادارکردەوە بەوەی دەبێت یەکێك لەوان دەسەڵات بگرنەدەست نەك زاواکەیان, هەرچەند ناوبراو بە پێشنیاری برای رازینەبوو, بەڵام ئەویدی سووربوو لەسەر هەڵوێستەکەی, بۆیە (أبی القاسم) لەگەڵ محەمەدی کوڕی صەعلوکی والی سامانی لە ڕەی[51]ڕێککەوت بۆ دژایەتیکردنی میر حەسەنی زەیدی, سەرکردەی یاخیبوو لە ساڵی (306ك/918ز) شاری ئامولی[52] گرت و ماوەیەك فەرمانڕەوایی لێکرد, ساڵی دواتر میری زەیدی باژێرەکەی لەدەست دەرهێنا[53].

وەك ڕوونە ئاریشەی نێوانیان کۆتایی نەهات, وا دیارە هەردوو برا (أبی القاسم) و (أبی الحسین)ی کوڕانی حەسەن لە شارەکانی گەیلان[54] و جورجان[55] لە میری زەیدی یاخیبوون, تا رادەیەك (أبی الحسین) لە جورجانەوە هێرشی کردە سەر (الداعی الصغیر)ی میری زەیدی لە ئامول و لە ئەنجامی شەڕێکی نێوانیان میری زەیدی سەرکەوت[56], پاش ئەوە ڕێککەوتن لە نێوان میر حەسەن و (أبی الحسین)ی خەزووری ئەنجامدرا و هەردووکیان لە ئەستراباد[57] بوون, لەو کاتەدا هێرشیان کرایەسەر لە لایەن لەشکری سامانی و (أبی الحسین) ئەحمەد هاریکاری میر حەسەنی زاوای خۆی نەکرد و چووە ریزی (أبی القاسم) جەعفەری برای بۆ دژایەتیکردنی میر حەسەنی زەیدی, کاتێ میری زەیدی تەنیا مایەوە هەڵهات و کەوتە دەستی عەلی کوڕی وەهسوزانی نوێنەری خیلافە لە شارۆچکەی ڕەی, بەڵام هەندێ کەس ئازادیانکرد و گەڕایەوە گەیلان[58].

کوڕانی حەسەن (الاگروش) بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی میری زەیدی[59], بۆیە بە ناچاری هەڵهات, لە دوای ئەوە (أبی الحسین) جەعفەری کوڕی حەسەن (الاگروش) هاتە سەر کورسی دەسەڵات تا مردنی لە ساڵی (311ك/923ز)[60], پاش ئەوە (أبی القاسم)ی برای شوێنی گرتەوە, لە سەردەمی ئەم میرە هەڤرکی نێوخۆیی بەردەوام بوو, لەو دەمەدا حەسەن کوڕی قاسم (الداعی الصغیر) لە قوهستان[61] پەلاماری ئەم میرەیدا, بەڵام شکستی خوارد و هەڵهات, (أبی القاسم) میری زەیدی بوو تا مردنی لە ساڵی (313ك/925ز)[62], پاش ئەو محەمەدی کوڕی ئەحمەدی برازای بووە شوێنگرەوەی, وا دیارە لە ماوەی فەرمانڕوایی ئەمدا کێشە و ملمڵانێی نێوخۆیی کۆتایی نەهات, لەو دەمەدا سەرکردە ماکان کوڕی کالی[63] دژایەتی کرد[64].

پاش مردنی ئەو میرە, (أبی جعفر)ی کوڕی ئەحمەدی برای بووە جێگرەوەی, وەك ڕوونە سەرکردە ماکان کوڕی کالی دژایەتی ئەم میرەی کرد و چەندین شەری دژی ئەنجامدا, لەو کاتەدا حەسەن کوڕی قاسم (الداعی الصغیر) جارێکی تر بەدیارکەوتەوە و بووە لایەنگری سەرکردە ماکان کوڕی کالی لە باژێری ئامول[65], لەو دەمەدا سەرکردە ئەسفاری کوڕی شێرەوەییە[66] خیانەتی لە زەیدی کرد و بووە لایەنگری میر نەصری کوڕی ئەحمەدی سامانی, لە شەڕێکی نێوان میر حەسەن و سەرکردەی ناوبراو لە ساڵی (316ك/928ز) لە شارۆچکەی ئامول, میری زەیدی کوژرا و کۆتایی بە میرنشینی زەیدی هات[67].

لە دوا ئەڵقەی کێشە و رکابەریە ناوخۆیی کە ڕاستەوخۆ کاریگەری و باندۆری هەبوو لەسەر چارەنووسی دەسەڵاتی بنەماڵەی صەففاری, لە ساڵی (276ك/889ز) عەلی برای میر عەمری صەففار لە زیندان لە قەڵای بم[68] هەڵهات و پەیوەندی بە نەیارانی برای خۆی کرد[69], پشتی بەدیلگرتنی میر عەمر و ناردنی بۆ بەغدا, تاهیری کوڕی محەمەدی کوڕی عەمر شوێنی گرتەوە, لە هەمان کاتدا بەشێکی لەشکر پشتگیری (اللیپ) کوڕی عەلی برازای میر عەمریان کرد بۆ ئەو مەبەستە, لە ئاکامی ئەم کردەوەیە ناکۆکی و دووبەرەکێ لە نێوان

لایەنگرانی هەردوو کەسایەتی دروست بوو, سەرکردە سەبکەری کە خزمەتکاری میر یەعقوب و میر عەمر بوو ئەم ڕەوشەی بە دەرفەت وەرگرت و کاروباری میرنشینی صەففاری خستە ژێردەستی خۆیەوە, و میر تاهیر تەنیا هێما بوو[70].

لە درێژەی ڕکابەری ناوخۆیی صەففاری, میر تاهیری کوڕی محەمەد, (الليپ)ی کوڕی عەلی و سەرکردە سەبکەری لە هەرێمی فارس هێشتەوە و خۆی گەڕاوە سەجستان, بەڵام خەریکبوونی ئەم میرە بە خۆشی دونیا و پشتگوێخستنی کاروباری میرنشین بووە مایەی نەرازیبوونی لەشکر و ئەندامانی تری بنەماڵەی صەففاری, بۆیە لە ساڵی (296ک/908ز) میر (الليپ) کوڕی عەلی پەلاماری دا و لە سەجستان دەریخست, پاش شکستەکەی, تاهیری کوڕی محەمەد و یەعقوبی برای شاڵاویان بردە سەر سەبکەری لە فارس, بەڵام شکستیان خوارد و دەستبەسەرکران و ناردرانە بەغدا[71]. لە ساڵی (297ک/909ز) میر (الليپ)ی صەففار شاڵاوی بردە سەر سەبکەری لە هەرێمی فارس و دەریکرد, بەڵام خەلیفە (المقتدر بالله) (295–320ک/907–932ز) لەشکری ناردە هاوکاری سەبکەری و توانین سەرکەون بە سەریدا میری ناوبراو دەستگیرکرا و ناردرایە بەغدا لە ساڵی (298ک/910ز)[72], بەم شێوەیە میرنشینی صەففاری لەناوچوو.

ڕوون و ئاشکرایە فاکتەری هەڤرکی نێوخۆیی کاریگەری لە ڕووخان و هەرەسهێنانی میرنشینی سامانی هەبووە, لە دوا زنجیرەی ناکۆکی و ڕکابەری ناوخۆیی سامانی, لە سەردەمی میر نوح کوڕی مەنصوری کۆتا میری سامانی ئاشوب و ناجێگیری نێوخۆیی پەرەی سەند, ئەوەبوو (أبو الحسن کوڕی سیمجور الدواتی)[73] سەرکردەی لەشکری سامانی لە خوراسان یاخیبوو, بۆیە ناوبراو لە لایەن میری سامانی لە خوراسان دووخرایەوە و (حسام الدوله أبو العباس تاش) لە شوێنی دامەزرێنرا[74], لەساڵی (376ک/986ز) میری سامانی بڕیاری دا بە لادانی والی ناوبراو و محەمەدی کوڕی ئیبراهیم کوڕی سیمجوری دامەزراند بە شوێنگرەوەی, ئەم فەرمانە قبولکراو نەبوو لە لایەن (حسام الدوله) و ڕایگەیاند کە بەو بڕیارە پابەند نابێت و بە تۆپزی نیسابوری خستە ژێر ڕکێفی خۆی, ساڵی دواتر میری سامانی لەشکری بە ڕابەری (أبو الحسن) سیمجور و فائیق (الخاصه)[75] ناردەسەر سەرکردەی یاخیبوو, ئەویش بەناچاری هەڵهات بۆ شارەدێی جورجان, (أبو الحسن) سیمجور بووە سەرکردەی لەشکری سامانی لە خوراسان[76].

پاش مردنی (أبو الحسن) سیمجور لە ساڵی (381ک/991ز) (أبو علی) کوڕی شوێنی گرتەوە لە سەرکردایەتیکردنی لەشکری سامانیەکان لە خوراسان, سەرکردە فائیق (الخاصه) دژایەتی کرد, لە ئەنجامی شەڕێکی نێوانیان (أبو علی) سیمجور سەرکەوت[77], و فائیق (الخاصه) ڕوویکردە شارۆچکەی مەڕو ڕوز[78], پاش ئەوە فائیق (الخاصه) بێ ئاگاداری میری سامانی بەرەو بوخارا[79] بەڕێکەوت, لە ئەنجامی شەڕێکدا بەرانبەر لەشکری میری سامانی شکست پاشەکشەی کرد بۆ شارەدێی ترمژ[80], ناوبراو لە شەڕێکدا سەرکەوت بە سەر والی جورجان[81].

لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی (383ک/993ز) کێشە و ئاڵۆزی لە نێوان میر نوح کوڕی مەنصور و (أبو علی) کوڕی سیمجور سەریهەڵدا, ئەوی دوایی دەستیگرت بەسەر سەروەت و سامانی خوراسان و بەسەر لایەنگرانی خۆی دابەشی کرد[82].

بێگومان ئەو کردارە نارەزایی میری سامانی بەدوای خۆی هێنا و داوای لە کوڕی سیمجور کرد هەندێ لە دەڤەری هەرێمەکە بخاتە ژێردەستی لایەنگرانی ئەو, بەڵام ئەوەی نەکرد و خوراسانی خستە ژێر دەستی خۆی بەبێ ڕەزامەندی میری سامانی, سەرباری ئەوەش نازناوی (أمیر الأمراو)ی داناسەر خۆی و ناوی لە وتاری هەینی خوێنرایەوە[83].

پاش ئەوە هەڤرکی میر نوح کوڕی مەنصور لەگەڵ هەر یەکە لە (أبو علی) سیمجور و فائیق (الخاصه) گەیشتە ئاستێکی باڵا کە بووە هۆی ئەوەی داوای هێزی دەرەکی بکەن بۆ داگیرکردنی وڵاتی سامانی, ئەوەبوو لە ساڵی (383ک/993ز) ئەم دوو سەرکردەیە بە جیا پەیوەندیان بە میری دەوڵەتی ئیلکخانی تورکی[84] (شهاب الدوله) هارون کوڕی سلێمانی کە ناسراوە بە بەغراخان کرد و هانیاندا بۆ داگیرکردنی زەوی سامانیەکان[85].

کاتێ میری تورکی پەلاماری وڵاتی سامانی دا, میر نوح کوڕی مەنصور داوای هاوکاری لە هەریەکە لە (أبو علی) سیمجور و فائیق (الخاصه) کرد بۆ ڕێگریکردن لە داگیرکاریەکانی میری تورکی, بەڵام نەك تەنیا هاوکاریان نەکرد بەلکو بوونە بەشێك لە لەشکری دوژمن بۆ دەستبەسەرداگرتنی وڵاتی سامانی[86], پاش داگیرکردنی بوخارا لە لایەن میری تورکی ئیلکخانی, میری نوح کوڕی مەنصور هەڵهات و خۆی گەیاندە باژێری ئامول لە تەبەرستان و چەندین جار نامەی بۆ (أبو علی) سیمجور نارد بۆ ئەوەی هاوکاری بکات, بەڵام گوێڕایەڵی نەکرد[87].

وەك ڕوونە لە دوای کشانەوەی میر بەغراخان و گەڕانەوەی میری سامانی بۆ بوخارا[88] هەڵوێستی هەر یەکە لە (أبو علی) سیمجور لە خوراسان و فائیق (الخاصه) بە یاخیبوون مایەوە, لە ساڵی (384ک/994ز) سەرکردە فائیق (الخاصه) هێرشی بردە سەر بوخارای پایتەختی سامانیەکان, لە بەرانبەردا میری سامانی سوپای ئامادەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و لە شەڕێکی نێوان هەردوو سوپا, سەرکردەی یاخیبوو شکست و ڕوویکردە خوراسان بۆ لای (أبو علی) سیمجور[89] و هەردوو سەرکردەی یاخیبوو ڕێککەوتن لەسەر دژایەتی کردنی میری سامانی, بۆیە ئەو میرە پەنای بردەبەر سبکتکینی میری غەزنەوی, ئەویش بەدەم داواکاریەکەی هات و خۆی و مەحمودی کوڕی بە لەشکرێکی گەورەوە گەیشتنە خوراسان و هەردوو

سەرکردەی یاخیبووانی سامانیان تووشی شکست کرد و میری سامانی مەحمودی کوڕی سبکتکینی وەك والی خوراسان دامەزراند[90].

پاش مردنی ئەم میرە لە ساڵی (387ک/997ز) مەنصوری کوڕی نوح (387–389ک/ 997–998ز) بووە شوێنگرەوەی باوکی و لە دوای دوو ساڵ لە فەرمانڕەواییەکەی لە لایەن سەرکردە فائیق (الخاصە) و هەندێ سەرکردەی دی دەستگیرکرا و کوێرکرا و (عبد الملك) براکەیان داناشوێنی[91]. ناکۆکی ناوخۆیی کاریگەریەکی راستەوخۆی هەبوو لە لاوازبوون و هەرەسهێنانی میرنشینی سامانی.

مێژوونوسان گرنگیانداوە بە نووسینی چەندین دیاردەی ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی میرنشینی زەیاری, دەستپێکی ئەم ئاژاوەگێریە دەگەرێتەوە بۆ کوژرانی میر مەرداویچ کوڕی زەیار (316–323ک/928–934ز) لە لایەن هەندێ لە خزمەتکارانی[92], پاش مردنی میر وشمکیری زەیاری لە ساڵی (357ک/967ز) هەڤرکی نێوخۆیی سەریهەڵدایەوە, ئەویش ململانێی نێوان بیستون و قابوس کوڕانی میری ناوبراو لەسەر کورسی دەسەڵات, سامانی پشتگیری بیستون یان کرد تاکو ببێتە میری زەیاری, بەڵام قابوس پەیوەندی بە (رکن الدولە)ی بوەیهی کرد و کچی خۆی پێبەخشی بۆ ئەوەی پشتگیری بکات لە یەکلایکردنەوەی ئەو هەڤرکیە, میری بوەیهی بەدەم داواکاریەکەی هات بووە هۆی ئەوەی خەلیفە (الگائع لله) (363–381ک/973–991ز) فەرمانی دەرکرد بە دامەزراندنی قابوس لە شوێنگرتنەوەی باوکی لە جورجان و تەبەرستان[93], و نازناوی (ڤهیر الدولە)ی پێدا, بەڵام دووبەرەکێی نێوان هەردوو برا کۆتایی نەهات تا مردنی بیستون لە ساڵی (365ک/975ز)[94].

لە ساڵی (403ک/1012ز) لەشکری میرنشینەکە میر (قابوس)یان ناچارکرا واز لە دەسەڵات بێنێت بۆ مەنوجەهری کوڕی, میری لادراو چووە قەڵای جەناشك[95] و ژیانی خۆی بۆ خوداپەرستی تەرخانکرد, بەڵام لە لایەن هەندێ لە سەرکردەی لەشکری زەیاری لە ناوبرا, هەرچەند میری زەیاری سەرکەوتوو بوو لە لەناوبردنی هەموو ئەوانەی بەشداربوون لەکوشتنی باوکی[96], بەڵام نەیتوانی خۆی قورتار بکات لە پیلانگێری نێوخۆیی و لە لایەن (أبی کالیجار) کوهی کوڕی یوهانی خاڵی ژەهر خوارد کرا و لەناوبرا, چونکە خاڵی خوازیاری دەسەڵات بوو, لە لایەکی دیەوە میری زەیاری هیچ میراتگری شەرعی نەبوو جگەلە کوڕێکی منداڵ بە نێوی نەوشێروان, سەرباری ئەوەی ناوبراو میری زەیاری بوو, بەڵام تەنیا هێما بوو و هەموو دەسەڵات لەدەستی (أبی کالیجار)ی خاڵی باوکی بوو[97].

وەك زانراوە کێشە و ململانێی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بوەیهی بە تایبەتی لە سەردەمی کۆتا میرەکان بووە ئەگەرێکی سەرەکی لەسەر لەناوچوونی دەوڵەتی بوەیهی, وەك ڕوونە پاش مردنی (جلال الدولە) لە ساڵی (435ک/1043ز) کێشە لە نێوان (الملك العزیزی کوڕی جلال الدولە) و (أبی کالیجاری کوڕی سلگان الدولە) لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی سەریهەڵدا, کاتێ میری پێشوو مرد لەشکر لە بەغدا پەوەیوەندیان بە (الملك العزین) کرد کە لە واست[98] بوو و داوایان لێکرد بگاتە بەغدا بۆ شوێنگرتنەوەی باوکی, کاتێ (أبی کالیجار) هەواڵەکەی پێگەشت پەیوەندی بە لەشکری پایتەخت کرد و رازیکردن بۆ ئەوەی پشتگیری بکەن و لە لایەنگری (الملك العزین) پەشیمان بوونەوە, ئەویش کاتێ بەوەی زانی بارودۆخ لە بەرژەوەندی (أبی کالیجار) یەکلابۆتەوە ناچار کشایەوە بۆ واست, و (أبی کالیجار) بووە میری بوەیهی لە ساڵی (436ک/1044ز)[99], پاش مردنی ئەم میرە لە ساڵی (440ک/1048ز) کوڕی بە ناوی (الملك الرحیم) خەسرەو فەیروز بووە جێگرەوەی, لە سەردەمی ئەم میرە کێشە و ململانێی ناوخۆیی بەردەوام بوو, هەر لە ماوەی ساڵی یەکەمی فەرمانڕەواییەکەی (أبو منصور) فولادستونی برای یاخیبوو و شاری شیراز[100] ی داگیرکرد, ئەمەش نارەزایی میری بوەیهی لێکەوتەوە و لەشکرێکی نارد بۆ سەر برای و ئەو باژێرەیان لە دەست دەرهێنا و وتاری هەینیان بە ناوی (الملك الرحیم) خوێندەوە[101].

